# خەرجیەکانی ناوماڵ تاچەند لەئەستۆی خانمانە..؟



خەرجیەکانی ئافرەتان یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی کە زۆربەی ئافرەتانی سەرقاڵکردووە، بەشی هەرەزۆری ئافرەتان ئەگەر فەرمانبەر بن یان ئافرەتی ماڵبن زۆر بەگرنگیەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، هەندێک لەئافرەتان پێیانوایــە مافی خۆیانە ئەو پارەیەی کەبۆ دابیکردنی پێداویســتیەکانی ناوماڵ خەرجی دەکەن لەمێردەکانیان وەریبگرنــەوە هەندێکی تــر وای بەباش دەزانن کە جۆرە هاوبەشــیەک هەبێت لەنێــوان ئافرەتان و پیاوندا بەوپێیەی ئێســتا هەندێک ئافرەت داهاتیان لەمێردەکانیان زیاترە، بەڵام چینێکی زۆر لەئافرەتان وای دەبینن کە ئافرەت هەرچەندە خاوەنی داهاتێکی زۆریش بێت مافی خۆیەتی ئەو پارەیەی کە خەرجی دەکات لەمێردەکەی وەریبگرێتەوە، توێژەرێکی کۆمەڵایەتی پێیوایە مەسەلەی خەرجی ماڵ لەئەستۆی پیاوانە، چونکە ئەوان خۆیان بەگەورە ماڵ دەزانن زۆر لە ئافرەتانیش گلەیی لەمێردەکانیان دەکەن بەوەی ســەرەتا ناهێڵن کاربکەن، بەڵام دواتریش خەرجیەکی زۆر ڕەزیلانە دەکەن.

### بەقسەی مێردەکەم وازم لەدەوام هێنا

هەست بەپەشیمانی دەکەم کەبەقسەی مێردەکەم و لەپێناوی بەخێوکردنی منداڵەکانم وازم لەپیشەکەم هێنا، چونکە زۆر ڕەزیلیم لەگەڵ دەکات، ئەمە باوەڕی هێرۆ ئیسماعیل بوو، هێرۆ وەك باسی دەکات مێردەکەی ناچاریکردووە کە لەهیچ کام لەفەرمانگە حکومی و ئەهلیەکاندا دانەمەزرێت بەبیانوی ئەوەی کە منداڵەکان پێویستیان بەدایکە لەماڵەوە بێت، کەچی ئێستا خەرجی ماڵەکەی بەرێکوپێکی ناکات، و دەڵێت:(مێردەکەم کەسێکی کاسبە کاتێك شووم پێکرد وتی نابێت دەوامی فەرمانگە بکەیت، منیش وازم لەکار هێنا کەچی ئێستا هیچ مەسرەفی ماڵ ناکات و سەری مانگان دەبێت زۆر لێی بپاڕێمەوە هەتا شتێك مەسرەف دەکات)، هەندێك پیاو کاتێك دەزانن ژنەکانیان مووچەخۆرن ئیتر خۆیان لەهەموو مەسرەفێك دەدزنەوە لەمبارەیەوە سومەیە ئیبراهیم پێیوایە زۆربەی ئەو پیاوانەی کە ژنەکانیان فەرمانبەرن هیچ مەسرەف ناکەن و دەڵێت: (مێردەکەم هیچ پارە خەرج ناکات و هەرچەندە مووچەکەشی زۆر لەمن زیاترە، بەڵام هەرقسەبکەم پێم دەڵێت تۆ مووچەکەت چی لێدێت)، ئەمە تەنیا کێشەی سومەیە نییە، بەڵکو ئەمە کێشەی زۆربەی ئەو ئافرەتانەیە کەمووچەی خۆیان هەیە وەك خۆیان باسی دەکەن مێردەکانیان هەرچەندە مووچەکەی لەهیی ژنەکەی زیاتر بێت، بەڵام ئەگەر پیاوێك ژنەکەی مووچەخۆربێت ئەوکات هیچ مەسرەف ناکات و هەموو پارەکەی هەر کۆدەکاتەوە.

### هیچ برە پارەیەك لەمێردەکەم وەرناگرم

هەندێکی تر لەئافرەتان دەڵێن ئەگەر ژن مووچەکەی لەمێردەکەی زیاتر بێت با نیوەی خەرجی ماڵەکە لەئەستۆ بگرێت، چونکە هەردووکیان لەدروستکردنی خێزاندا هاوبەشن ناکرێت یەکێکان مەسرەف بکات ئەویتر تەنیا تەماشا کەربێت، سەوسەن عبدولواحید ئاماژە بەوەدەکات مەسەلەی خەرجکردن پەیوەستە بەهەردوو لاوە واتا شتێکی واجبە کەهەردووکیان مەسرەف بکەن و ئەگەر ئافرەت مووچەکەی لەمێردەکەی زیاتر بێت یان هاوتای مێردەکەی بێت بانیوەی خەرجیەکان لەئەستۆ بگرێت، سەوسەن جەخت لەوەدەکاتەوە کە مووچەکەی زۆر لەمێردەکەی زیاترە لەبەر ئەوە مەسروفی زۆربەی ماڵی خۆیانی گرتۆتە ئەستۆ و ئێستا هیچ برە پارەیەك لەمێردەکەی وەرناگرێت بۆمەسرەفی ڕۆژانە.

### کێشەی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە

هەندێکجار مەسەلەی خەرجیەکانی ناوماڵ دەگاتە گرفتی کۆمەڵایەتی و کێشەی ناهەموار دروست دەکات و زۆر ژن و مێرد لەسەر ئەم بابەتە تووشی گرفت بوون، سەروین ئافرەتێکی فەرمانبەرە وەك باسی دەکات ماوەی زیاتر لەهەشت ساڵە ژیانی هاوسەری پێکهێناوە، بەڵام هەتا ئەمڕۆ لەگەڵ مێردەکەیدا لەسەر مەسەلەی خەرجیەکانی ناوماڵ ناکۆکن، بەوتەی سەروین مێردەکەی هیچ مەسرەف ناکات و هەرجارەو بیانویەك بۆ نەکردنی مەسرەف دەهێنێتەوە.

سەروین گلەیی لەحکومەت و پەرلەمان و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات و دەڵێت: (پێویستە حکومەت و بەشێوەیەکی بەرنامە بۆداڕێژراو کار بۆئەم بابەتە بکەن، چونکە زۆر پیاو هەن کە دەزانن ژنەکەیان مووچەیەکی هەیە چیتر مەسرەف ناکەن).

### ئەگەر ملیۆنێك دینار مەسرەوف بکەم مێردەکەم تەینا پەنجا هەزار دەکاتە خەرجی

زۆر ئافرەت باس لەوە دەکەن کەهەتا کۆتایی مانگ چاویان لەوەیە مێردەکەیان شتێك مەسرەفیان بداتەوە، شنۆ عەلی ئاماژە بەوەدەکات کە هەمیشە چاوی لەسەر ئەو پەنجا هەزار دینارەیە کە مێردەکەی مەسرەفی مانگانە دەیداتێ و دەڵێت: (ئەگەر مانگانە ملیۆنێك دینار مەسرەف بکەم مێردەکەم تەنیا پەنجاهەزارم دەداتێ))، شنۆ کە بەهاوشێوەی مێردەکەی فەرمانبەرە لەیەکێك لەفەرمانگە حکومییەکاندا، دەڵێت: ((زۆرم پێناخۆشە کەخەرجی ماڵ دەکەم، بەڵام ناچاریشم بیکەم لەبەر ئەوەی هاوسەرەکەم زۆر دەست بڵاوە ناگاتە نیوەی مانگ پارەی پێنەماوە، ناوبراو پێیوایە دایك منداڵ بەخێو دەکات و پێویستی بۆ دەکڕێت و ئەرکی زۆری لەسەر شانە لەبەر ئەوە پێویستە پیاو مەسرەفی تری ماڵ بکات).

زۆر لەپیاوەکان هەمیشە لەناو خەڵکدا وەها خۆیان پیشاندەدەن کە کەسانی زۆر چاوتێر و سەخین، بەڵام لەڕاستیدا سەرجەم خەرجیەکانی ناو ماڵ دەخەنە ئەستۆی ژنەکانیان بەبیانوی ئەوەی ژن شارەزای لەکڕینی پێداویستی لەپیاوان زیاترە. لەمبارەیەوە سۆلین کەمال توێژەری کۆمەڵایەتی پێیوایە زۆر لەپیاوە ڕۆژهەڵاتیەکان سیفەتی دوو ڕوویان پێوەدیارە لەدەرەوەی ماڵ و لەبەرچاوی خەڵکی وەهایان پیشاندەدەن کە کەسانی زۆر چاوتێرن، کەچی لەناخیشیاندا زۆر ڕەزیلن و دەڵێت: ((گرفتی زۆربەی هەرەزۆری ئافرەتانی ڕۆژهەڵات ئەوەیە کەهاوسەرەکانیان لەدەرەوە خۆیان بەکەسانی چاوتێرو سەخی پیشان دەدەن لەناو خەڵکدا وەها لێکی دەدەنەوە کەسەرجەم مەسرەفەکانی ماڵ خۆیان دەیکەن و ژنەکەیان تەنیا پارە خەرجدەکات، چونکە ئەگەر پیاوێك دان بەوەدا بنێت کە ژنەکەی لەمووچەکەی خەرجی ماڵ دابین دەکات بەچاوێکی سووك تەماشا دەکرێت، واتا بەشێکی زۆری کێشەکە کۆمەڵگەیە لەبەر ئەوەی دابوونەریتە کۆمەڵایەتیەکان زۆر شتیان سەپاندووە کە ناتوانین خۆمانی لێ دەرباز بکەین، کۆمەڵگە پیاوی کردۆتە گەورەی ماڵ، داهاتی ژن هەرچەندە بێت هەر دەبێت پارەکەی بداتەوە بەپیاوەکە)).



# لەپێناوی چوونە سەیرانێکدا زیـ

تا ئێستاش بەشـێوەیەکی فەرمی لێکۆڵینەوە لەم ڕووداوە بەردەوامـە، بۆئەوەی بزانرێت کوژرانی ئەم کەسـەو برینداربوونی کەسێکی ترو دەسگیرکردنی پێنج کەسـی تریش لەهەمان سـات و ڕووداودا، بەهـۆی کۆنە قینێکـەوە بووە، یـان تەنیا لەبەر دەنگی حیلەو حرمەی شـەڕی ژن و مێردێك بووە کە لەسەر چوونە سـەیرانێك ئەم هەرا گەورەیەیان ناوەتەوە، هەراو بەزمەکـە چەك و گوللەو تەقەی تێکەوتـووەو بێ عەقڵی تەقەکەران لەوپەڕیدا بووە، ئێستا ئەفسـەرانی لێکۆڵینەوە بەوەوە سەرقاڵن تا بزانن ئـەم تاوانە کێی لەگەڵدایـەو کێ لەگەڵی نەبووە، خۆ هۆکاری شەڕەکە هەرچی بێت، ئەوەی بووەتە قوربانی و گیانیان سـپاردووە نە لەپێناوی بیروبـاوەڕداو نەلەپێناوی عەشـقدا مردووە، ئەمە جوامێـری و پاڵەوانێتیـش نییە بۆ کەسـەکانی بەشداربوو لەم ڕووبەڕووبوونەوە خوێناوییەدا کە بەو ئاکامە جەرگبڕە گەیووە، تەنانەت مەسەلەی حەیاو شەڕەفیش لەم ڕووداوەدا بوونی نەبووە، کە هەندێك جار گاڵتەجاڕانـە لـەڕووداوی وادا دەکەوێتەوە، کاتێك لەسـەر کورتـە نامەیەك ڕۆحی کەسـێك دەربهێنرێت، ئیتر بکەری تاوانەکە نەك ناوبانگ و هەموو شەرافەت، تەنانەت هەموو ژیانی خۆیشی لەسـەر ئـەو هەڵچوونە سـاتەوەختی و کردەوەی تاوانەی ئەنجامی دەدات؛ دەدۆڕێنێت، هەمیشـە ئەو مرۆڤەی لوولەی چەك ئاڕاستەی کەسێکی تر دەکات خۆ ئەگەر لەدژوارترین ساتەکانی ژیانیشدا بێت و هەر هەنجەت و بیانوویەکی بەدەسـتەوە بێت ئـەو مرۆڤە پێیوایە ڕۆحـی بەرانبەرەکەی پوچ و هیچەو وادەزانێت ئازادی و خۆشـی و هەناسەی ئەوانی تـر لەئازادی و ڕۆحی خـۆی کەمترن، ئەم سـزا قورسـەی ڕۆح دەرهێنانی کەسێکی تر، لەکەسـێك دەوەشێتەوە کە خۆی لەسەروو خەڵقەندەو دەسـەڵاتی ئیلاهییەوە پـێ گەورەترە، ئەگینا کە خۆی ڕۆحی بەکەس نەبەخشیبێت بەچ حەقێکەوە ڕۆح لەکەسـێك دەردەکێشـێت، مرۆڤ لەحاڵەتی ئەوپەڕی بێهۆشی یان سەرخۆشی و تووڕەبوونیشدا شیاوی هەرچ شتێکی دڕدۆنگ بێت تەنیا شیاوی مردن نییە، کە هەروا بەچرکەسـاتێك بەدەسـتی مرۆڤێکی تر بکوژرێت، ئەم پەنجە خسـتنە سـەر پەلەپیتکـەی تفەنگ و جووڵانەوەی ماسـولکە خڕەکانـی مەچـەك و هێز پێدانی شـان و، وەك زەمبەلە هەڵبەزینەوەی پێڵووی چاوی بکوژێك بۆ دیتنی لەخوێن گەوزانی کوژراوێك، ساتەوەختێکی جەهەنەمییە، کە چارەنووسـی زەبر وەشێنێك و زەبر لێدراوێك لەسـەر گۆی زەمین یەکلایی دەکاتەوە، یەکەمیان دەسـپێردرێت بەکونجـی نوتەك و چوار دیواری تاری زیندان، یـان بەرەو ئازاری ئەبەدی ویژدان، دووەمیشـیان ڕەوانەی ژێر گڵ و خۆڵی قەبرسـان، لەنێوان هەردوو جەمسەریشدا کۆمەڵێك مرۆڤـی تر خەڵتانی خەم و ئـازارو ماندوویێتی و جگەر سووتاویی و ساحێب دەعوایی و سکاڵاو قین هەڵگرتن و یادەوەری تاڵ دەبنەوە، وەك لەم ڕووداوەدا شتێکی وا قەوماوە، گەرچی هێشتا لێکۆڵینەوەکان بەکۆتایی نەگەیشتووە، بەڵام لەبەراییدا ئەوە ئاشکرا بووە کە بەختیاری شـازدە سـاڵان بەهۆی ئەوەی گوللەیـەك گیانی پێکاوە کاتژمێر دەی شـەوی ٢٠١٢/٥/٤ گیانـی سـپاردووەو هەروەها لاوێکی تری هاوتەمەنی ئەم بەنـاوی عەزیز بەبرینداری گەیاندراوەتـە ژووری نەشـتەرگەری و چەنـد گوللەیەك بەگیانیەوە بووە، کێشە لەسەر خێزانەکەی ڕێبازی برای بەختیار بـووە کە گوایە بۆ چوونە سـەیران داوای لەڕێبازی مێردی کردووە تا لەتەك ماڵە باوانیدا بچنە گەشت و سەیران، بەڵام ڕێبازی مێردی نەیبردووەتە گەشت و سەیران ئەویش ئارامی نەگرتووەو بەزیزی ڕێی ماڵە بابی گرتۆتە بەر، بۆ ئێوارە ڕێباز پێوەندی بەماڵـە خەزوورییەوە دەکات تا کیژەکەیان بنێرنەوە بـەرەو ماڵە مێردی خۆی، خەزووریشـی پێی دەڵێت دوای نان خواردنی ئێوارە بفەرمـوو وەرە خێزانەکەت ببەرەوە، لەکاتی چوونی ڕێباز بۆ هێنانەوەی ژنەکەی ئەم هەرایە دروسـت دەبێت و وادیارە ڕێباز بەسەرخۆشی دەکەوێتە لێدان و کوتانـی خێزانی و خەسـووەکەی خۆی، دواتر بازنـەی ئەم ناکۆکی و شـەڕە گـەورە دەبێتەوەو هەردوو خاڵ و کوڕەخاڵی ژنەکەی ڕێبازیشی تێ دەکەوێت و چەند نەفەرێکی تریشی تێوەدەگلێت کە بۆ پاڵپشـتی ڕێباز چووبوونە هەراکەوە، لەناو ئەو شەڕەدا بەڕێبازەوە چەند کەسـێکی تریش لەهەردوو لا چەکدار دەبن، لەئەنجامدا بەهۆی ئەم شـەڕەیانەوە برایەکـی ڕێباز بەناوی بەختیـار دەکوژرێت و کوڕە خەزوورەکەی ڕێبازیش بەناوی عەزیز بەگوللە بریندار دەبێت و کۆمەڵە کەسێکی تریش لەم شەڕەدا دەسگیر دەکرێـن، کە هەندێکیان ڕاسـتەوخۆ تێیدا بەشـدار بوون..

## یاری دامە



«هەرکەسـەو لەماڵی خۆی پارچـە مقەبایەك لەگەڵ خۆی دەهێنێت لەقەراغ شەقام دادەنیشین و یـاری دامە دەکەیـن و ڕۆژانە بـەو یارییە کاتەکانی ژیان بەسـەر دەبەین». ئەمە قسـەی مام ڕەسـولی تەمەن هەشـتا سـاڵەیە و دەڵێت «هیچ شوێنێکمان نییە نازانین بچین کاتەکانمان لەکوێ و لەچ شـوێنێك ببەینەسەر، بۆیە ڕۆژانە لێرە کاتەکانمان بەسەر دەبەین، چونکە کەدەچینە هەندێـك لەچایەخانەکان گەنجـەکان گاڵتەمان پێدەکـەن و پێیان خـۆش نییە ئێمە سـەردانی چایەخانەکان بکەین. بۆیە هەرکەسـێك بۆخۆی پارچە موقەبایەك لەماڵـی خۆیانەوە دەهێنێت و لێرە دایدەخات و لەسـەر قەراغی ئەم شـەقامە خەتمـان کێشـاوە دامە دەکەین». مام ڕەسـول ئەوەشدەخاتەڕوو کە یاری دامە پێویستی بەهیچ نییە تەنیا خەت کێشـانە لەبەر ئەوە دامادەکەین. دواتر حاجی سلێمان ڕەشیدی تەمەن نەوەت ساڵ



# ـــــــز بوو کارەساتێکی لێ کەوتەوە..

وا دەردەکەوێت ئەم ڕووداوە نە لەئەنجامی بیرۆکەیەکی کتوپڕی پێشوەختەی کەسیان بوو بێت، نە ڕێکەوتیش بووە، نە ئەنجامی پلاندانانی دوورو درێژی کەسیش بوو بێت، پێویستیش ناکات لەدوای خوێن ڕژانی لاوێك کە سەرمایەیەکی مرۆیی ئەم نیشتمانەیە، ئێمە وەك ڕۆژنامەنووس بکەوینە بەشێنەوەی تاوانبارکردنی لایەن و کەسانی تر، بۆ ئەوەی کۆسپ و تەگەرە بۆ پارێزەرانی بواری یاسا و پۆلیسی لێکۆڵینەوە دانەنێین، کە هێشتا بەلێکۆڵینەوەی زیاتری هۆکار و ئەنجامی ئەم ڕووداوەوەی کە خوێنی تێدا ڕژاوە خەریکن، هەمیشە ڕاگەیاندن وەك لایەنێکی بەرپرسیار بۆ چاکسازی کۆمەڵایەتی دەتوانێت لەم ڕووداوانەدا لەبری بەکارهێنانی وشەی ئاگراوی یان تەمومژاوی، چرا دابگیرسێنێت لەسەر ڕووداوەکەو بەشێوەیەك زیانەکانی باس بکات تا خەڵکی ئاگادار و وریا ببنەوە لەم شێوازانەی هەراو شەڕ دروست بوون و حەوجێتییان بەناکۆکی نەبێت، بەڵکو هۆش و ژیری و ئارامی و ڕەحم و بەزەیی لەچارەسەری کێشەکانیان بەکار بهێنن، خۆیان لە چەك لابدەن و نەبنە هۆی دروستبوونی کارەساتی جەرگبڕ.

# بۆ بەساڵاچووەکان



وتی «لەماڵەوە تاقەتمان چووە نازانین چی بکەین گەنجەکان بۆخۆیان بە مۆبایل و نازانم کۆمپیتەر و شتی تر خەریکن، بەڵام ئێمە لەو شتانە نازانین ئیتر چی بکەین و بۆخۆمان دێینە ئێرە خەریکی گەمەی دامە دەبین. حاجی ڕەسول ئەوە دەخاتەڕوو کە گەنجێتی ئەوان زۆر ناخۆشبووە و جۆرە شتێك نەبووە خۆیانی پێ خەریك بکەن تەنیا کارکردن نەبێت، دەشڵێت «کەچی گەنجی ئێستا ژیانیان زۆر خۆشە». مام ڕەسول ئەوەش دەڵێت ئەم شوێنە خۆشە بۆ گەنجەکان کراوەیە، خۆ خودا لێی نەگۆڕیوە بێتە لای ئێمە یاری بکات لەقەراغ شەقام،بۆ بۆخۆی ناچێتە گازینۆ و پارك و شوێنەکانی تر.

**حکومەت بیر لەبەساڵاچووەکان ناکاتەوە**

حاجی ئەنوەر عەلی ناسراو بەئەنوەرە سوور دەڵێت «ڕوومان نایەت بچینە چایەخانەکان ئیتر ڕووی چیمان هەبێت بچین بۆ کافتریا، چونکە هەموومان نەخۆشین هیچ شوێنێك نییە ڕووی تێبکەین ئەوەندە نەبێت کە ڕۆژ لێرە بەڕێدەکەین، ئەگەر شوینێکی تر هەبێت دەچین. حاجی ئەنوەر پێی وایە یاری دامە خۆشترین یارییە، دەڵێ «چونکە هیچی تێناچێت هەموومان پارەمان کەمە ناتوانین بچین دۆمینەوە تاوڵە بکەین، بۆخۆمان بەگیچ خەت دەکێشین و دامە دەکەین، ئەگەر کەسێکمان تاوڵە یان دۆمینە بهێنێت ئەوکات ئەو گەمانەش دەکەین».

هەروەها حاجی ئەیوب حەمەد ئەمین وەك باسی دەکات و دەڵێ «هیچ شوینێکمان نییە هەر ئەوندەمان هەیە لەگەڕەکێك لەکن بیرێك یان لەسێبەری مزگەوتێك دادەنیشن و بۆخۆمان لەوێ یاری دامە دەکەین. حاجی ئەیوب گلەیی لەحکومەت دەکات و دەڵێت «حکومەت چ شوێنێکی بۆ ئێمە نەکردۆتەوە هەر خەریکی گەنجەکانن چ بیر لەپیرەکان ناکاتەوە، باشە چی بکەین ئەگەر شوێنێکی باشمان بۆدابنین دەچین و لەوێ دادەنیشین، گەریش حکومەتی هەرێم چاخانەیەکمان بۆبکاتەوە دەچین لەوێ دادەنیشن».

**تام و خۆشی یارییەکە لەوەدایە کە بەلاشە**

حاجی ئەنوەر ئەوە دەخاتەڕوو کە گەنجەکان بەردەوام گاڵتەیان پێدەکەن و دەڵێ «ئەوان وادەزانن کە قەد پیرنابن وەك ئێمەیان لێبەسەرنایەت، ئەگەر بێشن لەدوورەوە سەیر دەکەن. هەروەها هەندێکجار پارەیەکی کەم دادەنێن، بەڵام چونکە پارە یارییەکە حەرام دەکات، ئێمەش هەموو نوێژ دەکەین، لەبەر ئەوە ئێمە قەد پارە لەهیچ گەمەیەکدا دانانێین و هەوڵدەیدەین بەبێ پارە یارییەکان بکەین».

مام ڕەسولیش هەمان ڕای «حاجی ئەنوەر»ی هەیەو دەڵێت «لەم یارییە دا هیچ پارەی تیادانانێین، چونکە گەر پارەی تیادابێت حەرام دەبێت لەبەر ئەوە ناکرێت پارەی تیادا بێت، دوای ئەوەوە هەموومان چیمان لەژیان ماوە هەتا پارە لەیاریدا دابنێن و بیبەینەوە یان بیدۆڕێنین، تام و خۆشی یاریش لەوەدایە کەبەلاش بێت نەك پارەی تیادابێت.